## وێنە... تەرمی 5 تیرۆریست دوای گورزێکی ئاسمانی لە باکوری ڕاوە دۆزرایەوە



شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند کە:

"دوای هێرشە ئاسمانییەکەی ئەم دواییە لە باکووری ڕاوە، لە چوارچێوەی کەرتی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی جەزیرە، تەرمی ٥ تیرۆریست دۆزرایەوە".

لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن ئەو شانەیەوە گەیشتووەتە دەست ئاژانسی موتەڵەع، ئاماژەی بەوەکردووە:

"دوای بەیاننامەکەی دوێنێ، چوارشەممە، سەبارەت بە هێرشە ئاسمانییەکەی فڕۆکەی ئێف 16 لە باکووری ڕاوە لە چوارچێوەی کەرتی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی جەزیرە، هێزێکی فیرقەی 7 لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەلجەزیرە بە ئامادەبوونی مەیدانی فەرماندەی فیرقەی ئەلجەزیرە بەڕێکەوتن و هێزێک لە سەرچاوەکانی کەتیبەی سیخوڕی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی و هەوڵی ئەندازیاری و بە سەرپەرشتی شانەی ئامانجدار لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان بە پشکنینی شوێنی هێرشە ئاسمانییە سەرکەوتووەکە، کە 5 تەرمی تیرۆریستی تێدا دۆزرایەوە، کە یەکێکیان هی سەرکردەیەکی داعشی تیرۆریستییە، کە دوای پشکنینی وردی تەرمەکەی ناسنامەکەی دەناسرێتەوە."

ئاماژەی بەوەشکرد، ئۆپەراسیۆنەکە هەروەها دۆزینەوەی چەکی مامناوەند و سووک، تەقەمەنی جۆراوجۆر، پشتێنی تەقینەوە، نارنجۆکی دەستی، کەرەستەی لۆجستی، ئامێری مۆبایل، و بەڵگەی تاوانکاریی

لێکەوتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە: "ئۆپەراسیۆنی گەڕانەکە هێشتا بەردەوامە لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیدا".

شانەکە پشتڕاستی کردەوە کە: "هێزە ئەمنییەکان بەردەوامن لە تۆڵەسەندنەوەی دادپەروەرانە لە گروپە تیرۆریستییە شکستخواردووەکان، کە هیچ شوێنێکیان لەسەر خاکی پاکی عێراق نییە. نە ئەشکەوت و نە ناوچە بیابانییەکان لە گورزی پیاوەکانمان نایانپارێزن و مردنیش چارەنووسی حەتمیانە".

